# پاراستنی خێزان لە زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە یاسای نێودەوڵەتی ونێوخۆییدا-

# توێژینەوەیەکی شیکارییە

# Protecting family from the harms of social networks in international and internal law-

# Analytical study

# حماية الأسرة من أضرار شبكات التواصل الإجتماعية في القانون الدولي والداخلي-

# دراسة تحليلية

د. اوميد سفري حسن

فاکەڵتی یاسا، زانستە سیاسییەکان وبەڕێوەبردن

مدرس في قسم القانون- فاكولتي القانون والعلوم السياسية والادارة

جامعة سوران

**Dr.Omed Safary Hasan**

**Lecturer in Faculty of Law, Political Science& Management**

**University of Soran**

https://doi.org/10.56599/yaqeenjournal.v3i1.99

تاريخ إستلام البحث: 5-5-2025، تاريخ القبول بالنشر: 26-5-2025

# پوختە

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکی گرینگ و کاریگەری پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایە و بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە و سەرەڕای بوونی چەندین سوود، بەڵام کاریگەریە نەرێنییەکانی لەسەر خێزان و تاك زۆرن، وەك لێکترازانی خێزان، توندوتیژی خێزانی، هەڵخەڵەتاندن بە بیری توندڕۆیی، شێواندنی بەها باڵاکانی کۆمەڵگە و خێزان، گۆڕانی نەرێنی ڕەوشت و بەها ڕەوشتییەکان و چەندین زیانی تر. ئەمە لە لایەك و لە لایەکی ترەوە ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە هەندێ ئەرك و ماف لە چوارچێوەی خێزان کاڵ دەکەنەوە؛ وەك مافی پەروەردەکرنی منداڵ لە لایەن دایك و باوکەوە و ئەرك و مافی هاوسەران بەرامبەر یەکتری.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕووی زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە بۆ خێزان و ئاستی گرینگی پێدانی ڕێکخستنی یاساییە بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەرییەکانییان لەسەر خێزان لە ئاستی نێودەوڵەتی و نێوخۆیی عێراق و هەرێمی کوردستاندا، بۆ پاراستنی خێزان و کەمکردنەوەی زیانەکانی. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری و بەراوردکاریمان بەکارهێناوە و توێژینەوەکەمان دابەش کردووە بۆ دوو باس و هەر باسێکمان دابەش کردووە بۆ سێ تەوەر. لە کۆتایی توێژینەوەکەشماندا کۆمەڵێك دەرەنجام و پێشنیاری پێویست خراونتەڕوو.

**ووشە سەرتاییە: پاراستنی خێزان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، یاسای نێودەوڵەتی، یاسای نێوخۆیی**

# الملخص

إن شبكات التواصل الإجتماعي هي الجزء الهام والفعال من التطور التكنولوجي، وهذه الشبكات لا تزال في تطور وتغيير مستمر بالرغم من فوائدها، لكن تأثيراتها السلبية كثيرة على الأسرة والفرد، كالطلاق والعنف الأسري وترويج الافكار المتطرفة والتشويه والتقليل من القييم العليا للمجتمع والأسرة والتغيير السلبي على القييم الأخلاقية و ... الخ، هذا من جانب ومن جانب آخر تعد شبكات التواصل الإجتماعى احد الموانع على أداء بعض الحقوق والإلتزامات في إطار الأسرة، ويقلل من ممارستهم لبعض الحقوق كحق تربية الأطفال من قبل الآباء وحقوق المتزوجين على بعضهم.

إن الهدف من هذا البحث يكمن في تحليل سلبيات مواقع التواصل الإجتماعي ومستوى إهتمام المشرع والتنظيم القانوني لشبكات التواصل الإجتماعي وآثارها على المستويين الدولي والداخلي في العراق وإقليم كوردستان، للحفاظ على كيان الأُسرة والتقليل من الإضرار بها، ولقد إستخدمنا المنهج التحليلي لنيل هدفنا من هذا البحث. وقمنا بتقسيم البحث الى مبحثين وكل مبحث الى ثلاثة مطالب. وفي النهاية قدمنا عدداً من الإستنتاجات والتوصيات التي تم التوصل إليها.

**الكلمات المفتاحية: حماية الأسرة، شبكات التواصل الإجتماعية، القانون الدولي، القانون الداخلي.**

# Abstract

Social networks are an important and effective part of technological advancement in which evolve and change continuously. Despite their benefits, they also have numerous negative on the family and the individual, including contributing to divorce, domestic violence, the promotion of extremist ideas, and the distortion and diminishing of the supreme values of society and the family. Additionally, they can lead to negative changes in moral values. Moreover, social networks pose obstacles to perform certain rights and obligations within the family and reduce their exercise of some rights, such as the right of parents to raise their children and the mutual rights of married couples.

This research aims to analyze the adverse effects of social networks and the level of legislative's interest given to regulate social networking aspect, as well as their effects at the international and domestic levels in Iraq and the Kurdistan Region to preserve the family entity and mitigate its harm. We used the analytical approach to achieve our goal in this research. We divided the research into two chapters, with each chapter subdivided into three sections. Finally, we presented a number of conclusions and recommendations.

Key words: Family protection, Social networks, International law, Internal law.

**<u>Key words</u>: Family protection, Social networks, International law, International law.**

# پـێـشـەکـی

خێزان بە بناغەی کۆمەڵگە دادەنرێت و کاتێك کار لەسەر بنیاتنانی خێزانی تەندروست و بەهێز و پارێزراو بکرێت، ئەوا لە ئەنجامدا کۆمەڵگەیەکی تەندروست و بەهێز و پارێزراو بنیاتدەنرێت. بێ گومان ئەو پێشکەوتنانەی کە لە بواری تەکنەلۆژیا هاتوونەتە کایەوە بێ زیان نین لەسەر کۆمەڵگە بە گشتی و خێزان بە تایبەتی و ئەم پێشکەوتنانە سنوری دەوڵەتانیان بڕیوە بە هۆی ئینتەرنێت و ئەو کۆمپانیایانەی کە جیهانین و خزمەتگوزاریەکانیان سەرتاسەری جیهان دەگرێتەوە.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکی گرینگ و کاریگەری پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایە و بەردوام لە گۆڕانکاریدایە، بەڵام کاریگەریە نەرێنییەکانی لەسەر خێزان و تاك زۆرن، وەك لێکجیابوونەوەی خێزان، توندوتیژی خێزانی، هەڵخەڵەتاندن بە بیری توندڕۆیی، شێواندن و بێ نرخکردنی بەها باڵاکانی کۆمەڵگە و خێزان، گۆڕانی نەرێنی ڕەوشت و بەها ڕەوشتییەکان، خۆکوشتن، گۆشەگیری و چەندین زیانی تر کە لە چوارچێوەی ئەرکی پاراستنی خێزان لە ڕووی یاساییەوە پێویستە ڕێگری لەم زیانانە بکرێ و شێوازی کارکردنی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە ڕێکبخرێت و بگونجێندرێت لەگەڵ بەها بەرزە خێزانییە جێگیرەکانی کۆمەڵگە و بەها ئایینیەکانی تایبەت بە خێزان، ئەمە لە لایەك و لە لایەکی ترەوە ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە هەندێ ئەرك و ماف لە چوارچێوەی خێزان کاڵ دەکاتەوە وەك مافی پەروەردەکرنی منداڵ لە لایەن دایك و باوکەوە و ئەرك و مافی هاوسەران بەرامبەر یەکتری.

## یەکەم : گرینگی توێژینەوە

گرینگی ئەم توێژینەوە بریتییە لە پڕکردنەوەی ئەو کەموکوڕییانەی کە بە هۆی لاوازی دەقە یاساییەکان ڕووبەڕووی خێزان دەبنەوە لەسەردەمی دیجیتالیدا کە زۆربەی توێژینەوە یاساییەکان تیشك دەخەنە سەر لایەنە کلاسیکییەکانی پاراستنی خێزان، بەبێ ئەوەی باس لەم ئالنگارییە نوێیانە بکەنەوە کە تەکنەلۆژیای نوێ دروستی کردوون، ئەمە لە لایەك و لە لایەکی تر ئەم توێژینەوەیە پشکدار دەبێت بۆ بەرەوپێشڤەچوونی ئەو چەمکە یاساییانەی کە پەیوەستن بە پاراستنی خێزان لەم زیانانەی کە بە هۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

## دووەم : کێشەی توێژینەوە

کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە زیادبوونی کاریگەرییە نەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبینێتەوە لەسەر خێزان بە پێی ئامارەکانی دادگا و بەڕێوەبەرایەتییەکانی توندوتیژی خێزانی لە عێراق و هەرێمی کوردستان. هەروەها لاوازی ئەو دەقە یاساییانەی کە پارێزگاری لەم مەترسیانە دەکەن، بۆیە سەرەڕای لایەنە ئەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەمان کات بووەتە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ لێکترازان و هەڵوەشاندنەوەی خێزان.

## سێیەم : ئامانجەکانی توێژینەوە

ئامانجەکانی توێژینەوەکەمان بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

1. دیاریکردنی زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ سەر خێزان.

2. هەڵسەنگاندنی ئاستی گرینگیپێدانی یاسای نێودەوڵەتی و نێوخۆییەکان بۆ پاراستنی خێزان لە زیانە جۆراوجۆرەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و خستنەڕووی پێشنیاری پێویست بۆ چارەسەر کردن و کەم کردنەوەی زیانەکانی ئەم تۆڕانە بۆ خێزان.
3. دیاریکردنی ئەو ئالنگاریە یاسایی و پراکتیکییانەی ڕووبەڕووی پاراستنی خێزان دەبێتەوە لە سەردەمی ئەمڕۆی دیجیتالیدا.

## چوارەم : میتۆدی توێژینەوە

بۆ گەیشتن بە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە سوود لە میتۆدی شیکاری وەردەگرین بۆ شیکردنەوەی یاسای نێودەوڵەتی و نێوخۆییەکان کە گرینگیانداوە بە بابەتی پاراستنی خێزان لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

## پێنجەم : چوارچێوەی توێژینەوە

لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا تیشك دەخەینە سەر یاسای نێودەوڵەتی و یاسا نێوخۆییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان و ئەو بڕیارە دادوەریانەی کە پەیوەستن بە پاراستنی خێزان لە زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

## شەشەم : پرسیارەکانی توێژینەوە

1. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چین و زیانەکانیان چین بۆ خێزان ؟
2. ئایا ئەو مافانە چین کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوون بە هەڕەشە لەسەریان ؟
3. ئایا یاسای نێودەوڵەتی و نێوخۆیی وەکو پێویست گرینگی بە پاراستنی خێزان داوە لە هەمبەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ؟

## حەفتەم : پلانی توێژینەوە

بۆ خستنەڕووی بابەتەکانی ئەم توێژینەوەیە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و گەیشتن بە ئامانجەکانمان، توێژینەوەکەمان دابەش کردووە بۆ دوو باس و هەر باسێك دابەش کراوە بۆ سێ تەوەر. باسی یەکەم تەرخان کراوە بۆ خستنەڕووی بابەتی ناساندنی خێزان و زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ خێزان. باسی دووەم گەنگەشەی ئاستی گرینگی پێدانی یاسای نێودەوڵەتی و نێوخۆیی بە زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ خێزان لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەکات. لە کۆتایی توێژینەوەکەمان گرینگترین دەرەنجام و پێشنیارەکان بە چەند خاڵێك خراونەتەڕوو.

# باسی یەکەم

# ناساندنی خێزان و زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ خێزان

ئەم باسە تەرخان دەکەین بۆ خستنەڕووی ناساندن و پێناسەکردنی خێزان لە لایەنە جیاوازەکانیەوە و لە لایەن یاسادانەرەوە و هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەناسێنین و زیانە جۆراوجۆرەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ سەر خێزان و ئەندامەکانی خێزان شی دەکەینەوە. بۆیە ئەم باسە دابەش دەکەین بۆ سێ تەوەر، تەوەری یەکەم تەرخان دەکەین بۆ چەمکی خێزان، لە تەوەری دووەمدا چەمکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەخەینەڕوو و لە تەوەری سێیەمدا زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ خێزان دەخەینەبەر باس.

## تەوەری یەکەم

## چەمکی خێزان

لە ڕووی زمانەوانییەوە لە فەرهەنگی زمانەوانی (هەنبانە بۆرینە)دا ووشەی خێزان بە چەند واتایەك هاتووە و لەوانەش "ماڵ و منداڵ" و "کەیوانو، ژن بۆ مێرد"[1]. هەروەها لە فەرەهنگی (خاڵ)دا ووشەی خێزان بە مانای ئەو کەسانە دێت کە لە ماڵدا بەخێویان دەکەیت[2]. ئەگەر چی لە زمانی کوردیدا ووشەی تری وەك (خانەوادە)ش بە مانای خێزان دێت، بەڵام یاسادانەری کوردستانی ووشەی (خێزان)ی بەکارهێناوە لە یاساکاندا [3].

ووشەی خێزان لە قورئانی پیرۆزدا بە ڕاشکاوانە نەهاتووە، بەڵکو بە ووشەی هاوواتا یاخود ووشەیەك کە مانای خێزان لە خۆدەگرێت هاتووە [4]. لە چەندین ئایەتدا خوای گەورە بۆ مرۆڤایەتی باس لە هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان دەکات هەروەك لە سوڕەتی نەحل لە ئایەتی (٧٢)دا هاتووە: ( وَاللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا وَجَعَلَ لَكُم مِّنْ أَزْوَاجِكُم بَنِينَ وَحَفَدَةً )[5] واتە (خودا لە خۆتان - لە ڕەگەزی خۆتان - هاوسەری بۆ فەراهەم هێناون و خۆشەویستی خستۆتە نێوانتان و لە هاوسەرەکانتان منداڵ و

---

[1] عبدالرحمن شرفکندی، هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی ـ فارسی/ هەژار، چاپی یەکەم، تهران، ١٣٦٩ هەتاوی، ل ٢٧٠.

[2] شێخ محمدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ١٧٣.

[3] وەك نموونە: یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١).

[4] محمد جغام، صوفيا شراد، الحماية القانونية للأسرة: المفهوم والتجليات، مجلة الدراسات والبحوث القانونية، المجلد (٧)، العدد (١) ، ٢٠٢٢، ل ٣٤٢.

[5] سوڕەتی (النحل)، ئایەتی (٧٢).

نەوەی پێ بەخشیون) [1] و هەروەها لە سورەتی ڕوم لە ئایەتی (٢١)دا هاتووە : ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا﴾[2] واتە (یەکێکی تر لە بەڵگەکانی دەسەڵاتی ڕەهای خودا ئەوەیە کە هەر لە ڕەگەزی خۆتان هاوسەری بۆ خولقاندوون)[3].

لە ڕووی دەستەواژەییەوە زانایان پێناسەی دەکەن و دەڵێن خێزان ئەو شوێنەیە کە تاکەکان تێیدا گەشە دەکەن و تیایدا فێری زمان، داب و نەریت، بەهاکان و بیروباوەڕەکان و ڕەوشت دەبن. خێزان ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەر دەگێڕێت لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی منداڵەکان و بنیاتنانی کەسایەتییان [4]. ناتوانین ڕۆڵی کاریگەری خێزان پشت گوێ بخەین لە گەشەپێدانی بەها و پێوەرە ڕەوشتییەکانی ئەندامەکانی کە ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر جێگیری کۆمەڵگە و خۆشگوزەرانیەکەی[5].

خێزان کە بە بناغەی کۆمەڵگە دادەنرێت چەندین پێناسە و ناساندنی جۆراوجۆری بۆ کراوە لە یاسای نێودەوڵەتی و نێوخۆییەکاندا. لە یاسای نێودەڵەتی پێناسەی خێزان کراوە لە جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤی ساڵی (١٩٤٨) لە بڕگەی (٣)ی ماددەی (١٦)دا هاتووە: ( خێزان بریتییە لە یەکەی سروشتی و بنەڕەتی لە کۆمەڵگەدا و مافی بەهرەمەند بوونی هەیە لە پارێزگاری کۆمەڵگە و دەوڵەت ).

هەروەها لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (٢٣) لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە شارستانی و سیاسیەکانی ساڵی (١٩٦٦) [6] هاتووە: ( ١. خێزان یەکەیەکی بەکۆمەڵی سروشتی و بنەڕەتی کۆمەڵگەیە، و مافی بەهرەمەند بوونی هەیە لە پاراستنی کۆمەڵگە و دەوڵەت ).

لە سەر ئاستی نێوخۆییشدا لە ماددەی (٢٩)ی دەستوری عێراقی فیدراڵی ساڵی (٢٠٠٥) دا هاتووە :( یەکەم : أ: خێزان بناغەی کۆمەڵگەیە و دەوڵەت پارێزگاری لە قەوارە و بەها ئایینی و ڕەوشتی و نیشتیمانیەکەی دەکات.) [7] ئەم پێناسەیەش نیشانەی پابەندی یاسادانەری دەستورییە بە پابەندیە نێودەوڵەتییەکانی، چونکە زۆر نزیکە لە پێناسەی جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ کە لە سەرەوە خستمانەڕوو.

لە ماددەی (٣٨)ی یاسای شارستانی عێراق ژمارە (٤٠)ی ساڵی (١٩٥١) لە بارەی پێکهاتەی خێزان تێیدا هاتووە :( خێزانی کەسێك پێك دێت لە خزمەکانی، و خزمن ئەوانەی بنەچەی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە.)

لە هەرێمی کوردستانیش بە پێی ماددەی یەکەم لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١)، خێزان بەم شێوەیە ناسێندراوە: ( دووەم: خێزان: کۆمەڵە کەسێکی سروشتین، پەیوەندی هاوسەرگیری یان خزمایەتیان تاکو پلەی چوارەم هەیە و ئەوانەی بەپێی یاسا هاتوونەتە ناو خێزانەوە.)

---

[1] نظام الدین عبدالحمید، تەفسیری گوڵشەن، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئسوە، (بێ شوێن)، ٢٠٠٤، ل ٥٨٥.

[2] سورەتی (الروم)، ئایەتی (٢١).

[3] نظام الدین عبدالحمید، تەفسیری گوڵشەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦٩.

[4] د. تغرید ادریب حبیب، دور الاسرة العراقية في تنمية بعض القيم الاجتماعية الايجابية ( الحماية من افة المخدرات انموذجا ) من وجهة نظر اعضاء الهيئة التدريسية، مجلة آداب المستنصرية، جامعة المستنصرية، المجلد (٤٨)، العدد (١٠٥)، آذار ٢٠٢٤، ص ٣٤٤، ٣٤٥.

[5] د. ماهر فرحان مرعب، دور وسائل الاتصال في تغير قيم الأسرة الحضرية، مجلة الباحث الإعلامي، جامعة بغداد، المجلد (٧)، العدد (٢٩)، ٢٠١٥ ص ٧٥.

[6] پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە شارستانی و سیاسیەکانی ساڵی (١٩٦٦).

[7] ماددەی (٢٩) لە دەستوری عێراقی فیدراڵی ساڵی (٢٠٠٥).

-----------------------------------------

بە خستنەڕووی ئەم پێناسە یاساییانە و پێکهاتەی خێزان، بۆمان دەردەکەوێت کە پێناسەیەکی یاسایی گشتگیر و یەکگرتوو بۆ خێزان نیە لە یاساکانی عێراق و هەرێمی کوردستان و لە یاسای نێودەوڵەتیشدا بە هەمان شێوە. بەڵام ئەوەی کە هاوبەشە لە نێو ئەم پێناسانەدا ئەوەیە کە خێزان بناغە و بنەڕەتی کۆمەڵگەیە. بۆیە پێناسەی پێشنیارکراومان بۆ خێزان بریتییە لەم پێناسەیە :( خێزان بناغەی کۆمەڵگەیە و پێك دێت لە کۆمەڵە کەسێك، باوك، دایك، خوشك و برا و هەر کەسێکی تر کە بە پێی یاسا لەگەڵیان بژیت و پەیوەندیەکی خزمایەتی و یاسایی بەیەکیان دەبەستێتەوە).

## تەوەری دووەم

## چەمکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

سەرەتای دەرکەوتنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٩٥) بە دامەزراندنی پێگەی (Classmates) و لە ساڵی (١٩٩٧)دا پێگەی (Six Degrees) دامەزرێنرا و ئەمانە بوون بە بناغەی گەشەکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە جیهاندا و دواتر بە دەرکەوتنی پێگەی (Facebook) لە ساڵی (٢٠٠٤) خاڵی وەرچەرخانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوو و ئیتر کاریگەریان زۆر بوو بە هۆی بەربڵاوی و زۆری بەکارهێنەرانی ئەم پێگەیە[1].

هۆکاری ئەوەی کە پێیان دەگوترێت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەکارهێنەران بە یەك دەبەستێتەوە لە هەر کات و شوێنەك بێت و ئامانج لەم تۆڕانە دەربڕینی بیروڕا و ئالوگۆڕی زانیاری و هەواڵە، نموونەی هەندێك لەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە: فەیسبووك (Facebook)، ئینستاگرام (Instagram) و تویتەر (Twitter)[2]. و لە ئێستادا تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك (TikTok)یش یەکێکە لە بەربڵاوترینەکان لەسەر ئاستی جیهان و بە تایبەت لە عێراق[3].

---

[1] د. محمود تركي فارس اللهيبي و د. طارق خلف فهد العيساوي، دور منصات مواقع التواصل الاجتماعي في صناعة الإرهاب والتطرف، مجلة الدراسات التاريخية والحضارية: مجلة علمية محكمة، جامعة تكريت، المجلد (١٢)، العدد (١/٤٤)، ٢٠٢٠، ص ١٥٧.

[2] د. طارق خلف فهد العيساوي، استخدام منصات التواصل الاجتماعي في نشر الأفكار المتطرفة (داعش انمورجا.)، مجلة الدراسات المستدامة: مجلة فصلية علمية محكمة، السنة الرابعة، المجلد الرابع، العدد الأول، ٢٠٢٢، ص ١٠٦٦، ١٠٦٧.

[3] پێگەی فەرمی ناوەندی میدیای دیجیتالی (DMC)، ڕێکخراوێکی ناحکومیە بە فەرمی کاردەکات بۆ ڕوماڵکردنی هەواڵەکانی تایبەت بە دونیای دیجیتالی، ( https://dmc-iq.com/2024/02/24/%d9%85%d8%b1%d9%83%d8%b2-%d8%a7%d9%84%d8%a5%d8%b9%d9%84%d8%a7%d9%85-%d8%a7%d9%84%d8%b1%d9%82%d9%85%d9%8a-32-%d9%85%d9%84%d9%8a%d9%88%d9%86-/%d9%85%d8%b3%d8%aa%d8%ae%d8%af%d9%85-%d9%84%d9%85%d9%88 )، دوایین سەردان (١/٨/٢٠٢٤).

چەندین پێناسەی جۆراوجۆر بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کراوە یەکێك لەو پێناسانە : ( بریتییە لە کۆمەڵێك لە تۆڕە ئەلکترۆنییەکان کە ڕێگە دەدەن بە هاوبەشەکانییان پێگەی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن و لە ڕێگەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ئەلکترۆنی بیبەستنەوە بە هاوبەشەکانی تر کە یەك خواست وگرینگیپێدانیان هەیە)[1].

لە پێناسەیەکی تردا هاتووە: ( بریتین لەو پێگانەی کە لە تۆڕی جیهانی ئینتەرنێت هەن و لە ڕێگەیانەوە بەکارهێنەرانی کارلێك دەکەن و لە پەیوەندی دان لەگەڵ هاوڕێکانیان یان خێزانەکانیان)[2].

یەکێکی تر لە پێناسەکان بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەم شێوەیە: ( پێگەی ئەلکترۆنین، ڕێگەدەدەن بە تاکەکان وکۆمەڵەکان کە لە پەیوەندی دابن لە ڕێگەی فەزای گریمانەیی)[3].

بەکارهێنانی ئینتەرنێت و بە تایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبوندایە لە سەرتاسەری وولاتانی جیهان و لەسەر ئاستی هەرێمایەتیش. بە پێی ئامارێك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕۆژانە (٨٨٪) بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن[4]. لە عێراق بە پێی ئامارێکی ساڵی (٢٠٢٤) ڕێژەی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (٣١,٩٥) ملیۆن بەکارهێنەرە و لەم ژمارەیەش بەرزترین ڕێژە بەر تۆڕی کۆمەڵایەتی (تیك تۆك) دەکەوێت کە (٣١,٩٥) ملیۆن بەکارهێنەری هەیە و تۆڕی (فەیسبووك) یش (١٩,٣٠) ملیۆن بەکارهێنەر، (ئینستاگرام) (١٨,٢٥) ملیۆن و (سناپ چات) (١٧,٧٤) ملیۆن بەکارهێنەریان هەیە[5].

ئەم ئامارانە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کاریگەری ئەم تۆڕانە لە زیادبووندایە لەسەر کۆمەڵگا بە گشتی و خێزان و ئەندامەکانی بە تایبەت جا چ ئەم کاریگەریانە ئەرێنی بن یان نەرێنی.

## تەوەری سێیەم

## زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ خێزان

بێ گومان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سوودی زۆریان هەیە، بەڵام لە پاڵ ئەم سوودانە چەندین زیانیشیان هەیە بۆ کۆمەڵگە بە گشتی و خێزان بە تایبەتی. لێرەدا هەندێك لەو زیانانە دەخەینەڕوو کە کاریگەریەکانیان گرفتی گەورەی لێ دەکەوێتەوە بۆ ئەندامانی خێزان.

---

(1) د. ندوى محمد محمد شريف، د. رشا خليل عبد، د. آريان عبد الوهاب قادر، الإدمان على مواقع التواصل الاجتماعي الإلكتروني وطبيعة العلاقات الأسرية، مجلة العلوم النفسية: مجلة علمية محكمة معتمدة تصدر عن مركز البحوث النفسية، المجلد (٣٤)، العدد (٢)، الجزء (٣)، آذار ٢٠٢٣، ص ٤٠٠.

(2) د. فرات علوان حويز النعيمي، إدمان المراهقيه على وسائل التواصل الاجتماعي (الإيجابيات والسلبيات)، مجلة نسق: مجلة علمية محكمة متخصصة تصدر عن الجمعية العراقية للدراسات التربوية والنفسية، العدد (٢٩)، آذار ٢٠٢١، ص ١٢٧٦.

(3) د. تهاني أنور اسماعيل السريح و م. منتظر عبدالله مغامس، دور مواقع التواصل الإجتماعي في ظاهرة الطلاق، مجلة واسط، مجلة كلية التربية، جامعة واسط، العدد (٤٤)، الجزء الأول، آب/٢٠٢١، ص ٤٠٢.

(4) د. ماهر فرحان مرعب، دور وسائل الاتصال في تغير قيم الأسرة الحضرية، مصدر سابق، ص ٧٧.

(5) پێگەی فەرمی ناوەندی میدیای دیجیتالی (DMC)، ڕێکخراوێکی ناحکومیە بە فەرمی کاردەکات بۆ ڕوماڵکردنی هەواڵەکانی تایبەت بە دونیای دیجیتالی، سەرچاوەی پێشوو، دوایین سەردان (١/٨/٢٠٢٤).

هەراسانکردنی ئەلکترۆنی کە بریتییە لە دەست گەیشتن بە زانیاری تایبەتی کەسی و وێنە و ڤیدیۆ و بەڵگەنامەی بەکارهێنەرانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن بە تایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە یەکێکە لە زیانە هەرە مەترسیدارەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە لە ڕێگەیەوە کەسەکە هەڕەشەی لێ دەکرێ بە جێبەجێکردنی داواکاریەکانیان و بە پێچەوانەوە زانیاریەکانی بڵاودەکرێتەوە. ئەمەش چەندین لێکەوتەی مەترسیداری هەیە وەك جیابوونەوەی هاوسەران، ڕەدکرنەوەی هاوسەرگیری لەترسی بڵاوبوونەوەی زانیارییەکان و چەندین لێکەوتەی دەروونی وەك هەست بە شەرمکردن، کەمبوونەوەی باوڕبەخۆبوون، گۆشەگیری و تێکەڵنەبوون لەگەڵ دەوروبەر، کەمخەوی، وازهێنان لە کار، هەستکردن بە گوناح و چەندین کاریگەری نەرێنی تر. هەرزەکارەکان قوربانی سەرەکی ئەم هەراسانکردنن، چونکە زۆر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن و نەشارەزان و لە لایەکی تر لاوازی پەروەردەکردن لە لایەن دایك و باوك و چاودێری نەکردن و ... هتد[1].

یەکێی تر لە زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ سەر ژیانی خێزانی، بریتییە لە تاوانی ناپاکی هاوسەران بە هۆی بەکارهێنانێکی بێ ئەندازەی ئەم تۆڕانە و خەراپ بەکارهێنانیان و لە لایەکی تر بڵاوبوونەوەی کلتوری نەشیاو و دژ بە بەها ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان، کە ئەمانە چەندین گرفت بۆ ژیانی هاوسەری دروست دەکەن و لە کۆتاییدا لەوانەیە سەربکێشێت بۆ جیابوونەوە[2].

بە هۆی نەبوونی بەها و ڕەوشتی ڕاگەیاندن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەم تۆڕانە بیروباوەڕی ناڕاست و ڕوخێنەر بڵاودەکرێتەوە کە دوورن لە بەهاکانی کۆمەڵگە هەروەها بابەتی وەك ئازادی سێکسی و هاوڕەگەزبازی بڵاودەکرێتەوە کە سەرنج ڕاکێشە و ناکرێت پێیان بگوترێت بڵاوکراوەیەکی کۆمەڵایەتی[3].

کاڵ بوونەوەی بەها مرۆڤایەتییەکان و بەها پەروەردەییەکان و ئەنجامنەدانی ئەرکی پەروەردەکرنی منداڵەکان لە لایەن دایکان و باوکانەوە بە هۆکارێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ ڕوودانی هەڵوەشانەوەی خێزان لە کۆمەڵگەدا [4]. یەکێك لە هۆکارەکانی کاڵبوونەوەی ئەم بەهایانە و هەڵوەشانەوەی خێزان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن و دەتوانین بەم چەند خاڵەی خوارەوە ڕوونی بکەینەوە :

1. بە هۆی بەکارهێنانی ئەم تۆڕانە پەیوەندی سۆزداری و خۆشەویستی نێوان هاوسەران کاڵ دەبێتەوە.
2. بە گشتی پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزان لاواز دەبێت [5]
3. دەبێتە هۆی توندوتیژی خێزانی، چونکە یەکێك لە هۆکارەکانی توندوتیژی خێزانی لاوازی پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزان [1].

---

(1) شريفة محمد السويدي و د. زيزيت مصطفى نوفل، دور الأسرة في تدعيم الأمن السيبراني لمواجهة الابتزاز الإكتروني (دراسة كيفية)، مجلة الآداب، جامعة بغداد، المجلد (١)، العدد (١٤٧)، كانون الأول/٢٠٢٣، ص ٤٣٢، ٤٣٣.

(2) هبه عبد المحسن عبدالكريم، الخيانة الزوجية و انعكاساتها على الأسرة والمجتمع، مجلة دراسات اجتماعية، مجلة نصف سنوية محكمة تصدر عن قسم الدراسات الاجتماعية في بيت الحكمة – بغداد، العدد (٤٩)، حزيران/٢٠٢٣، ص ٢١٨.

(3) عمر عثمان ابراهيم الجادرجي و د. يونس مؤيد يونس الدباغ، الاعلام الرقمي وتأثيره في الأمن المجتمعي: منصات التواصل الاجتماعي أنموذجا، المجلة العراقية للعلوم السياسية، الجمعية العراقية للعلوم السياسية، السنة الخامسة، العدد (١١)، حزيران ٢٠٢٤، ص ١٩٨.

(4) د. سناء خضير محمد منسلسل، أسباب وآثار انتشار الطلاق في المجتمع العراقي، مجلة كلية اليرموك، المجلد (٢٠)، العدد (٧)، الجزء (١)، آب/ ٢٠٢٣، ص ٥٨٥ ، ٥٨٦.

(5) احمد رعد محمد ، تدابير الوقاية من الابتزاز في منصات التواصل الاجتماعي، مجلة كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية، جامعة كركوك، المجلد (١١)، العدد (٤٣) ، ٢٠٢٢، ل ٣٢٧.

-----------------------------------------

4. کاریگەریەکی تری خەراپ بەکارهێنانی ئەم تۆڕانە لەسەر ژیانی هاوسەری بریتییە لە پشت گوێ خستنی یەکتر و بێزاری و گفتوگۆ نەکردن لەگەڵ یەکتری کە لە ئەنجامدا ئەمە سەردەکێشێ بۆ زیاد بوونی ناکۆکییەکان و بە هۆی ئەم تۆڕانە بەها خێزانییەکان تێکچوون و دایك و باوك و ئەندامەکانی خێزان لە یەکتر دادەبڕێن[2].

هەر لەم چوارچێوەیەدا، دادوەر (ئەحمەد جاسب) دادوەری یەکەمی دادگای باری کەسی ڕەسافەیە لە چاوپێکەوتنێکدا ئاماژە بەوە دەکات کە یەکێك لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکانی زیادبوونی جیابوونەوەی هاوسەران، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن و تیشکی خستۆتە سەر ئەوەی کە بەها عێراقییەکان بەردەوام لە ململانێدان لەگەڵ بەهاکانی تردا[3].

بە پێی ئەو پێناسەیەی کە بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی خێزان و منداڵ لە توندوتیژی خێزانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی عێراق، چاودێری کردنی هاوسەران لەسەر یەکتری بە مۆبایل یان کۆمپیوتەر یان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە جۆرێك لە توندوتیژی دادەنرێت کە بە توندوتیژی ئەلکترۆنی ناودەبردرێت [4].

یەکێك لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر منداڵان ئەوەیە کە دووریاندەخاتەوە لە تێکەڵبوون لەگەڵ دایك و باوکیان [5] و سیستەمی خێزان ناهاوسەنگ دەبێت و دایك و باوك دەسەڵاتیان بەسەر منداڵەکانیان نامێنێ و پەیوەندییەکانیان دەشلەژێن [6].

خراپ بەکارهێنان و ئالودەبوونی هەرزەکاران بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە زیانێکی زۆریان پێ دەگەیەنێت لەو زیانانەش، کات کوشتنێکی بێ سوودە بە جۆرێك تاوەکوو درەنگانی شەو هەر خەریکی بەکارهێنانی ئەم تۆڕانەن و بەردەوام بوونی ئەم دۆخە دەبێتە هۆی چەندین زیانی دەروونی و لێکەوتەی زیانبەخش وەك:

1. خەمۆکی کە یەکێك لە هۆکارەکانی کەمخەویە.
2. گۆشەگیری.
3. هەست کردن بە تەنیایی.
4. دڵەڕاوکێ.
5. بیری خۆکوشتن.
6. کەمبوونی دان بەخۆداگرتن لە بەرامبەر گرفتەکان و سەختییەکانی ژیان.
7. خۆ بەکەم زانین بە هۆی خۆ بەراوردکردن بە کەسانی تر [7].

---

[1] محمد صالح پێندرۆیی، ڕۆڵی خێزان و قوتابخانە لە ڕیشەکێشکردنی توندوتیژیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٢، ل ٦٧_٦٨.

[2] د. تهاني أنور اسماعيل السريح و م. منتظر عبدالله مغامس، دور مواقع التواصل الإجتماعي في ظاهرة الطلاق، مصدر سابق، ص ٤٠٥.

[3] ماڵپەڕی ئاژانسی هەواڵی عێراقی (INA) : هەواڵێک بە ناونیشانی : ( تتصدرها وسائل التواصل الاجتماعي ..... محكمة الرصافة تحدد أسباب تزايد حالات الطلاق ) ڕێکەوتی بڵاوبوونەوە (٢٠٢٤/٧/٨)، لینکی ماڵپەڕ: ( https://www.ina.iq/212192--.html )، دوایین سەردان (٢٠٢٤/٧/١٥).

[4] مديرية حماية الأسرة والطفل من العنف الأسري، ( https://moi.gov.iq/?page=52 )، دوایین سەردان (٢٠٢٤/٧/٢٠)

[5] عمر عثمان ابراهيم الجادرجي و د. يونس مؤيد يونس الدباغ، الاعلام الرقمي وتأثيره في الأمن المجتمعي: منصات التواصل الاجتماعي أنموذجا، مصدر سابق، ص ١٩٧.

[6] د. تهاني أنور اسماعيل السريح و منتظر عبدالله مغامس، مصدر سابق، ص ٤٠٥.

[7] د. فرات علوان حويز النعيمي، إدمان المراهقيه على وسائل التواصل الاجتماعي (الإيجابيات والسلبيات)، مصدر سابق، ص ١٢٧٦-١٢٧٩.

8. بێ هیوایی و نەبوونی ویست بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان[1].

9. داڕوخانی بنەماکانی ڕەوشت بە هۆی گفتوگۆی نەشیاوی نێو تۆڕەکان [2].

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی ئاسانی بەکارهێنانیان و بەردەست بوون بۆ هەمووان و کاریگەری بەرفراوانیان، لە لایەن گروپ و کۆمەڵە توندڕەوەکانەوە بەکارهێنراون و بەکاردەهێنرێن بۆ بڵاوکردنەوەی بیری توندڕەوی [3].

ئەو زیانانەی کە لەسەرەوە خستمانەڕوو، شیرازەی خێزان دەخاتە بەر مەترسیەکی جددی و ئەنجامەکەی مەترسیەکی گەورەیە بۆ کۆمەڵگە، چونکە بناغە و بنچینەی کۆمەڵگە و بەهاکانی خەریکە وورده وورده کاڵ دەبنەوە و ئەمەش پێویستی بە هەنگاوی یاسایی و کرداری هەیە بۆ ڕێگریکردن و کەمکردنەوەی زیانەکان.

## باسی دووەم

# گرینگی خێزان لە یاسای نێودەوڵەتی و نێوخۆییدا بۆ پاراستنی لە زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

یاساکان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە لە کۆمەڵگەدا هەن و لەم ڕوانگەیەوە پێویستە یاساکان چ یاسای نێودەوڵەتی و چ یاسا نێوخۆییەکان گرینگی بە بابەتی زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بدەن. جا لەم باسەدا ئاستی گرینگی پێدانی هەردوو یاساکە بە سێ تەوەر دەخینەڕوو. لە تەوەری یەکەمدا گرینگی خێزان لە یاسای نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی لە زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەخەینەڕوو، تەوەری دووەم تەرخان دەکەین بۆ خستنەڕووی گرینگی خێزان لە یاسا عێراقییەکاندا بۆ پاراستنی لە زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لە تەوەری سێیەمدا گرینگی خێزان لە یاسا کوردستانییەکاندا بۆ پاراستنی لە زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەخەینە بەر باس.

## تەوەری یەکەم

## گرینگی خێزان لە یاسای نێودەوڵەتیدا بۆ پاراستنی لە زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

گرینگی خێزان و پاراستنی خێزان و مافەکانی ئەندامەکانی خێزان لە پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان زۆر بایەخی پێدراوە و ئەرك خراوەتە سەر دەوڵەتان کە خێزان بپارێزن و مافەکانی ئەندامانی خێزان لە چوارچێوەی خێزان بپارێزرێت و ڕێزی لێ بگیرێت.

---

[1] د. تهاني أنور اسماعيل السريح و منتظر عبدالله مغامس، مصدر سابق، ص ٤٠٥.

[2] د. ندوى محمد محمد شريف، د. رشا خليل عبد و د. آريا عبد الوهاب قادر، الإدمان على مواقع التواصل الاجتماعي الإلكتروني وطبيعة العلاقات الأسرية، مصدر سابق، ص ٤١١.

[3] د. محمود تركي فارس اللهيبي و د. طارق خلف فهد العيساوي، دور منصات مواقع التواصل الاجتماعي في صناعة الإرهاب والتطرف، مصدر سابق، ص ١٥٩ – ١٦٠.

لە ماددەی (٣/١٦)ی جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤی ساڵی (١٩٤٨) و لە ماددەی (١/٢٣)ی پەیماننامەی تایبەت بە مافە شارستانی و سیاسیەکانی ساڵی (١٩٦٦) جەخت کراوەتەوە لەوەی کە پێویستە کۆمەڵگە و دەوڵەت پارێزگاری لە خێزان بکەن. سەبارەت بە پاراستنی منداڵان، لە ماددەی (٢٤)ی پەیماننامەی تایبەت بە مافە شارستانی و سیاسیەکان هاتووە کە هەموو منداڵێك بەبێ جیاوازی مافی ئەوەی هەیە لە لایەن خێزان، کۆمەڵگە و دەوڵەتەوە بپارێزرێ لەبەر ئەوەی کە منداڵە و پێویستە هەموو ڕێکارێك بگیرێتەبەر بۆ ئەم مەبەستە[1].

هەروەها لە ماددەکانی (١٠،١١)ی پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوریەکانی ساڵی (١٩٦٦) جەخت کراوەتەوە لە زۆرترین پارێزگاری و هاوکاری بۆ خێزان و منداڵەکان[2].

ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵانی ساڵی (١٩٨٩) لە ماددەی (٣) بڕگەی (٢) یدا هاتووە دەوڵەتانی لایەن لە ڕێککەوتننامەکە پابەند دەبن بە گەرەنتی کردنی پاراستن و چاودێری کردنی منداڵان بۆ خۆشگوزەرانیان[3]. لە ماددەی (١٧) دا لەگەڵ جەخت کردنەوە لەوەی کە دەوڵەتانی لایەن لەم ڕێککەوتننامەیە دان بە گرینگی ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن یاخود میدیاکان دەنێن و گەرەنتی پێگەیشتنی زانیاری دەکەن بە منداڵان بە ئامانجی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و ڕوحی و مەعنەوی و تەندروستی جەستەیی و دەروونی. کار دەکەن بۆ هاندانی میدیاکان بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و بابەتی سوودبەخشی کۆمەڵایەتی و کلتووری بۆ منداڵان و هانی هاوکاری نێودەوڵەتی دەدات لەم بارەیەوە و دانانی ڕێنمایی گونجاو بۆ پاراستنی منداڵان لە زانیاری و بابەتی زیانبەخش [4].

هەروەها لە ماددەی (١٨)ی هەمان ڕێککەوتننامەدا هاتووە کە پێویستە دەوڵەتانی لایەن لەم ڕێککەوتننامەیە تەواوی هەوڵی خۆیان بدەن بۆ دڵنیابوون لە دانانی بەو بنەماییەی کە دایك و باوك یان سەرپەرشتیاری یاسایی، بەرپرسیارەتیان لە ئەستۆدایە بۆ پەروەردەکردن و گەشەکردنی منداڵ. پێویستە دەوڵەتان هاوکاری گونجاو پێشکەش بکەن بە دایك و باوك یان سەرپەرشتیاری یاسایی منداڵ بۆ ئەو بەرپرسیارەتییەی کە لەسەریانە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ بە ئامانجی دڵنیابوون و پێشخستنی ئەو مافانەی کە لەم ڕێککەوتننامەیەدا هاتوون [5].

جاڕنامەی قاهیرە بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ئیسلامدا ساڵی (١٩٩٠) لە ماددەی (٥)ەمیدا هاتووە کە خێزان بناغەی کۆمەڵگەیە و پێویستە لەسەر کۆمەڵگە و دەوڵەت پارێزگاری و چاودێری لە خێزان بکات[6].

پەیمانی مافەکانی منداڵ لە ئیسلامدا ساڵی (٢٠٠٥) لە بڕگەی (١)ی ماددەی (٨)ەمیدا هاتووە کە دەوڵەتانی لایەن خێزان دەپارێزن لە هۆکارەکانی لاوازی و هەڵوەشانەوەی و لە ماددەی (١١)یدا هاتووە کە منداڵ مافی پەروەردەکردنێکی تەندروستی هەیە

---

[1] ماددەی (٢٤) لە پەیماننامەی تایبەت بە مافە شارستانی و سیاسیەکانی ساڵی (١٩٦٦).

[2] پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوریەکانی ساڵی (١٩٦٦).

[3] دەقی ماددەی (٣) لە ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵانی ساڵی (١٩٨٩)، عێراق بە یاسای (پەسەندی ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵان) ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٤) پەسەندی ئەم ڕێککەوتننامەی کردووە. بڕوانە : د. رنا علي حميد السعدي، الضمانات القانونية لحماية حقوق الطفل في العراق، مجلة كلية التراث الجامعة: مجلة علمية محكمة، المجلد (١)، العدد(٣٠)، ٢٠٢٠، ص ٢٧٦.

[4] دەقی ماددەی (١٧) لە ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵانی ساڵی (١٩٨٩).

[5] دەقی ماددەی (١٨) لە ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵانی ساڵی (١٩٨٩).

[6] جاڕنامەی قاهیرە بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ئیسلامدا ساڵی (١٩٩٠).

و پێویستە دایك و باوك یان سەرپەرشتیارەکەی ئەم بەرپرسیارەتییە هەڵگرن و گەشە بە کەسایەتی و بەها ئایینی و ڕەوشتییەکانی بدەن، و لە برگەی (٢)ی ماددەی (٢٠)ەمیدا ئەرکی بەرپرسیارەتی پاراستنی منداڵیان دەخاتەسەر [1].

لەژێر ڕۆشنایی هەست کردن بە بەرپرسیارەتی چاودێری کردن و ڕێکخستنی کاری کۆمپانیاکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە ساڵی (٢٠١٢) نەتەوە یەکگرتوەکان کۆنگرەی جیهانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی بەست و تیایدا کۆمەڵێك پێشنیار خرانەڕوو بۆ چاودێری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەن دەوڵەتان و خودی نەتەوە یەکگرتووەکان. بەڵام لە کۆتاییدا کۆنگرەکە سەرکەوتوو نەبوو و زۆرینەی دەوڵەتان و لە نێویشیاندا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڵگەنامەی کۆتایی کۆنگرەیان واژوو نەکرد، بە هۆکاری جیاوازی بۆچوون لەسەر دابەشکردنی تێچووەکان و چۆنیەتی جێبەجێکردنی سزاکان و ترسی هەندێك دەوڵەت لە ئازادی ڕادەربڕین. سەرەڕای سەرنەکەوتنی کۆنگرەکە، نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێککەوتننامەیەکی سنورداری دەرکرد تایبەت بە تیرۆری سایبەری کە بە هەنگاوێکی سەرەتایی و باش دادەنرێت بۆ ڕێکخستنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی[2].

هەروەها ڕێکخراوەی پەروەردەیی، زانستی و کەلتووری نەتەوە یەکگرتووەکان ناسراو بە یونسکۆ لە ساڵی (٢٠٢٣) کۆنفرانسێکی بەست بە ناوونیشانی ( ئینتەرنێت بۆ دروستکردنی متمانە ) بۆ تاوتوێکردنی کۆمەڵێك پرەنسیپی ئاراستەکراوی جیهانی بۆ ڕێکخستنی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان، بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی متمانەپێکراوی زانیاری و پاراستنی ئازادی ڕادەربڕین و مافەکانی مرۆڤ. ئەم پرەنسیپانە کۆمەڵێك ئەرك بۆ دەوڵەتەکان، پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی، میدیا، ئەکادیمیا و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە دەخاتە ڕوو [3].

بە پشت بەستن بە ئەو بابەتانەی کە لەسەرەوە خستمانەڕوو، دەبینین کە لە ڕێککەوتننامەکاندا چوارچێوەیەکی گشتی بۆ پاراستنی خێزان و ئەندامەکانی خێزان هەیە، بەڵام سەرەڕای هەست کردن بە گرینگی ڕێکخستنی کاری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو زیانە زۆرانەی کە دیهێننە ئاراوە بە تایبەت بۆ سەر خێزان. بەڵام تاوەکو ئێستا ڕێککەوتننامەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنە بۆ بەرەنگاربوونەوە و ڕێگریکردن لە زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئاستی جیهانی و هەرێمایەتی نیە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نوێیەتی بابەتەکە و جیاوازی بیروبۆچوونیووڵاتان لەسەر ئازادییەکان و بەهاکان لە نێوان دەوڵەتان و ئەو هەوڵانەی کە هەیە سەرەتایین و پێویستی بە گرینگی پێدانی زیاتر هەیە.

## تەوەری دووەم

## گرینگی خێزان لە یاسای عێراقیدا بۆ پاراستنی لە زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

دەستوری کاتی عێراقی ساڵی (١٩٦٤)ی هەڵوەشاوە، لە ماددەی (٥)میدا هاتووە: ( خێزان بناغەی کۆمەڵگەیە، بناغەکەی ئایین و ڕەوشت و نیشتیمانپەروەرییە ) هەروەها لە دەستوری کاتی ساڵی (١٩٦٨)ی هەڵوەشاوە لە ماددەی (١١) دا هاتووە: ( خێزان ناوکی کۆمەڵگەیە و دەوڵەت گەرەنتی پاراستن و پاڵپشتی دەکات ...... ) و دەستوری کاتی ساڵی (١٩٧٠)ی هەڵوەشاوە لە ماددەی (١١) دا هەمان دەقی دەستوری (١٩٦٨) لە خۆگرتبوو.

---

[1] ماددەکانی (٨) و (١١) و (٢٠) لە پەیمانی مافەکانی منداڵ لە ئیسلامدا ساڵی (٢٠٠٥).

[2] ڕاپۆرتی بڵاوکراوە بە ناوونیشانی: القانون الدولي وتنظيم مواقع التواصل الاجتماعي ، ماڵپەڕی فەرمی : مرکز القرار للدراسات الإعلامية ، ( https://alqarar.sa/2813 )، دوایین سەردان (٢٠٢٤/٧/٢٩).

[3] ماڵپەڕی سەرەکی ڕێکخراوی یونسکۆ، ( https://www.unesco.org/ar/internet-trust ) دوایین سەردان (٢٠٢٥/٥/١٩).

ئەرکی پاراستنی خێزان ئەرکێکی دەستوریە لە سەر هەرسێ دەسەڵاتی دەوڵەت، هەروەك لە ماددەی (٢٩)ی دەستوری عێراقی فیدراڵی ساڵی (٢٠٠٥)دا هاتووە: ( یەکەم : أ: خێزان بناغەی کۆمەڵگەیە و دەوڵەت پارێزگاری لە قەوارە و بەها ئایینی و ڕەوشتی و نیشتیمانیەکەی دەکات.) [1] بەمەش یاسادانەری دەستوری سەرەڕای ئەوەی کە خێزان بە بناغەی کۆمەڵگە دەناسێنێت، ئەرکیش دەخاتە سەر دەوڵەت بۆ پاراستنی قەوارەی خێزان و پاراستنی ئەو بەها ئایینی و ڕەوشتی و نیشتیمانیانەی کە پەیوەستن بەخێزان. کەواتە یاسادانەر دەبێت لە یاساداناندا ڕەچاوی پاراستنی خێزان بکات و ئەو یاسایانە دەربکات کە پێویستن بۆ پاراستن و بەردەوام بوونی کیانی خێزان و پارێزگاری بکات لە شیرازەی خێزان و لە بەرامبەریشدا هەردوو دەسەڵاتەکەی تر ناچاردەکات بە پابەند بوون بە پاراستنی خێزان.

هەروەك دەزانین یەکێك لە زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بریتییە لە پووکاندنەوەی تواناییەکان و بەهرەکانی گەنجان کە پێویستە دەوڵەت کار بکات کە بارودۆخی گونجاو فەراهەم بکات بۆ گەنجان و ئەو هۆکارانەی کە کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر ئەم ئەرکەی پێویستە ڕێگریان لێ بکات ئەمەش بە پشت بەستن بە ماددەی (٢٩)ی دەستوری عێراقی بەرکار، برگەی (یەکەم - ب) کە تێیدا هاتووە : ( ب - دەوڵەت پاراستنی دایکایەتی و منداڵ و پیر لە ئەستۆ دەگرێت و سەرپەرشتی تازەپێگەیشتووان و لاوان دەکات و هەلومەرجی گونجاویان بۆ دەڕەخسێنێت بۆ گەشەدان بە توانا و لێهاتووییەکانیان.)

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێداوە ئالودەبوون بە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وادەکات دایك و باوك ئەرکی پەروەردەکردنیان بەرامبەر بە منداڵەکانیان جێبەجێ نەکەن، کە ئەمەش ئەرکێکی دەستوریە لەسەر دایکان و باوکان هەروەك لە ماددەی (٢٩) برگەی (٢)مدا هاتووە: ( دووەم : منداڵان مافی پەروەردە و سەرپەرشتی و فێرکردنیان هەیە لەسەر دایکان و باوکان، ....... )

بە سەیرکردنی یاسا فیدڕالییەکان، دەبینین هیچ یاسایەکی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزان نیە و تەنها پرۆژە یاسایەك هەیە لەم بارەیەوە و بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی پشت دەبەسترێ بە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) و یاسای باری کەسی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩) ی هەموارکراو و یاسای چاودێری نەوجەوانانی ژمارە (٧٦)ی ساڵی (١٩٨٣). بەڵام ئەم یاسایانە توانای لەخۆگرتنی چارەسەرکردنی گشتگیری کەیسەکانی توندوتیژی خێزانیان نیە کە بەردەوام لە زیادبووندان لە کۆمەڵگەی عێراقی[2]. کە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم توندوتیژیانە کاریگەرییە نەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن، هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێداوە.

سەرەڕای نەبوونی یاسای تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزان لە عێراق، بەڵام لێژنەیەکی باڵا پێکهێنراوە بۆ پاراستنی خێزان بە فەرمانی دیوانی ژمارە (٨٠)ی ساڵی (٢٠٠٩) کە یەکێك لە ئەرکەکانی هوشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەیە لە توندوتیژیە خێزانییەکان لە نێویشیاندا توندوتیژی ئەلکترۆنیە و خراپ بەکارهێنانی ئینتەرنێتە[3].

یاسای داواکاری گشتی فیدڕالی ژمارە (٤٩)ی ساڵی (٢٠١٧) لە ماددەی (٢)میدا ئامانجەکانی یاساکە دیاری کراوە و لە برگەی (٦)مدا هاتووە :( بەشداری لە پاراستنی خێزان و منداڵی) [1] بە پشت بەستن بەم برگەیە داواکاری گشتی دەتوانێت لەپێناو

---

[1] ماددەی (٢٩) لە دەستوری عێراقی فیدراڵی ساڵی (٢٠٠٥).

[2] نظرة قانونية لحالات العنف الاسري في العراق، الدكتور حيدر عبد الرضا الظالمي، سايتی فەرمی زانکۆی کەربەلا، ( https://business.uokerbala.edu.iq/wp/archives/17457 )، دوایین سەردان ( ٢٠٢٤/٧/٢٣ ).

[3] ماڵپەڕی فەرمی وەزارەتی ناوخۆی عێراق، ( https://moi.gov.iq/?page=52 )، دوایین سەردان (٢٠٢٤/٧/٢٨).

پاراستنی خێزان لە زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان داوا بجولێنێ لەو کەیسانەی کە زیان بە خێزان و ئەندامەکانی دەگەیەنێ جا چ ئەم زیانانە لە لایەن خودی تۆڕەکانەوە بن، یانیش کەسانێك کردەوە و ئاکاری زیانبەخش بۆ خێزان بڵاوبکەنەوە.

ئەگەر چی بە پێی بڕیاری دادگای باڵای فیدڕاڵی کە لە (٢٠٢٤/٣/١٣)[2] دەرچووە، وەزارەتی گەیاندن و دەستەی ڕاگەیاندن و گەیاندن پابەند کراوە بە کۆمەڵێك ڕێکار و لە نێویشیاندا بلۆککردن یاخود ڕاگرتنی ئەو ماڵپەڕ و تۆڕە کۆمەڵایەتییانەی کە بڵاوکراوەی نەگونجاو لەگەڵ بەها و ڕەوشتی کۆمەڵگە بڵاودەکەنەوە، و هەروەها ئەو بڵاوکراوانەی کە پێچەوانەی داب و نەریتی کۆمەڵگەن. بەڵام ئەمە وەك هەنگاوێك بۆ پاراستنی بەها و ڕەوشتی گشتی کۆمەڵگە بۆ پاراستنی خێزان هەنگاوێکی ئەرێنییە و لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بە هەنگاوی زیاتر و ووردترە.

هەروەها ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراق بە نووسراوی ژمارە (٢٠٤/مکتب/٢٠٢٣) لە بەرواری (٢٠٢٣/٢/٨) جەخت دەکاتەوە لەسەر پێویستی گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی توند بەرامبەر ئەو کەسانەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەی نەگونجاو لەگەڵ ڕەوشت [3].

ئەگەرچی دەگوترێت بڕیارەکانی دادگا پێچەوانەی مافی تایبەتمەندی کەسییە کە بە پێی ماددەی (١٧)ی دەستوری عێراقی [4] پارێزراوە، بەڵام نابێ ئەم مافە ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە کەسانی تر و دژی ئادابی گشتی بێت و بۆیە گرتنەبەری ڕێکار بەرامبەر خەراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دژی دەستور و ئەم مافە نییە و لە لایەکی ترەوە لە ماددەی (٣٨)ی هەمان دەستوردا هاتووە کە ئازادی ڕادەربڕین و ڕاگەیاندن پارێزراوە بە مەرجێك دژی یاسا و ئادابی گشتی نەبێت [5]. لە ماددەی (٤٠)دا هاتووە کە ئازادی پەیوەندیکردنی ئەلکترۆنی و جۆرەکانی دیکە پارێزراوە و نابێت چاودێری بکرێت تەنها لەبەر پێویستی یاسایی یان ئاسایش و بە پێی بڕیاری دادگا نەبێت [6].ئەمەش بەڵگەن لەسەر دروستی بڕیارەکانی دادگا.

کاتێك بەراوردی بنەما یاساییەکانی عێراقی تایبەت بە پاراستنی خێزان دەکەین لەگەڵ بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی لەم بوارەدا، بۆمان دەردەکەوێ تا ڕادەیەك زۆر گونجاوە لەگەڵیان و لەگەڵ پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی عێراق، بەڵام ئەم یاسایانە توانای ڕێگریکردن و کەمکردنەوەی ئەو زیانانەیان نیە کە خودی تاکەکانی خێزان جا چ هاوسەران یان منداڵەکان بە خۆیان دەگەیەنێن لە ئەنجامی خەراپ بەکارهێنان یان نەزانین لە بەکارهێنان یان ئالودەبوون پێیانەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ڕێکاری خۆپارێزی یاخود ڕێکاری ڕێگری لە زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و یاساکان تەنها ڕێکاری چارەسەری دوای ڕوودانی زیانەکانی تێدایە.

## تەوەری سێیەم

## گرینگی خێزان لە یاسای کوردستانیدا بۆ پاراستنی لە زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

---

(1) یاسای داواکاری گشتی فیدڕالی ژمارە (٤٩)ی ساڵی (٢٠١٧).
(2) قرار محكمة الاتحادية (٣٢٥ وموحدتها ٣٣١/ اتحادية /٢٠٢٣) في (٢٠٢٤/٣/١٣).
(3) نووسراوی ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراق ژمارە (٢٠٤/مکتب/٢٠٢٣) بەرواری (٢٠٢٣/٢/٨).
(4) ماددەی (١٧) لە دەستوری عێراق (٢٠٠٥).

(5) ماددەی(٣٨) لە دەستوری عێراق (٢٠٠٥).
(6) ماددەی (٤٠) لە دەستوری عێراق (٢٠٠٥).

هەروەك ئاشکرایە دەستوری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) پابەندکارە بۆ هەرێمی کوردستان و هەندێ یاسای تریش وەك یاسای سزاکانی عێراقی و یاسای باری کەسی و یاسای چاودێری نەوجەوانان کە گرینگیان داوە بە پاراستنی خێزان.

لە هەرێمی کوردستان یاسای داواکاری گشتی ژمارە (١٥٩) ساڵی (١٩٧٩) هەموارکراوە تاوەکو ئێستا بەرکارە، سەرەڕای ئەوەی کە لە عێراق ئەم یاسایە کاری پێناکرێت و یاسایەکی نوێ دەرچووە هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێداوە. جا لە ماددەی (١)ی ئەم یاسایە ئامانجەکانی دەزگای داواکاری گشتی دیاری دەکات و لە بڕگەی (٨) مدا هاتووە: (بەشداری لە پاراستنی خێزان و منداڵی.) [1] بە پشت بەستن بەم بڕگەیە داواکاری گشتی دەتوانێت لەپێناو پاراستنی خێزان لە زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان داوا بجوڵێنێ لەو کەیسانەی کە زیان بە خێزان و ئەندامەکانی و بەها ڕەوشتی و ئایینیەکانی خێزان دەگەیەنێ، کە ئەمە پاراستنی خێزان لە زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش لەخۆ دەگرێت.

یەکێك لە زیانەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، توندوتیژی خێزانییە و بەداخەوە لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توند و تیژی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١) هیچ بڕگەیەك لەخۆناگرێت کە تایبەت بێت بە ڕێگری کردن لەو هۆکارانەی کە توندوتیژی خێزانی لێدەکەوێتەوە کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش یەکێکن لەو هۆکارانە. بەڵکو ئەم یاسایە زیاتر ئەو ڕێکارانە لەخۆ دەگرێت کە دوای ڕوودانی توندوتیژییەکە دەگیرێنەبەر و ڕێکاری خۆپارێزی یاخود ڕێکاری چارەسەرکردنی هۆکارەکانی ڕوودانی توندوتیژی لە خۆناگرێت.

خۆشبەختانە لە هەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەتمەند هەیە بۆ سزادانی خەراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن ئەویش (یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن )ی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٨)ە کە بەرکارە. لە ماددەی دووەمیدا هاتووە :( هەرکەسێك گەر بە خراپی تەلەفۆنی خانەیی ( موبایل ) یا ئامێرێکی پەیوەندیکردنی تەلدار یان بێ تەل یان ئەنتەرنێت یان پۆستی ئەلکترۆنی بۆ مەبەستی هەڕەشەکردن یان تۆمەت هەڵبەستن ( قذف ) یان جنێودان یان بڵاوکردنەوەی هەواڵی هەڵبەستراو بەکارهێنا کە ترس پەیدا دەکات یان دزەی بە گفتوگۆ کردن کرد یان وێنەی چەسپاو و جووڵاو یان کورتە نامەی بڵاو کردەوە کە لەگەڵ خووڕەوشتی گشتیدا ناگونجێ یان بەبێ ڕوخسەت و مۆڵەت وێنەی گرت یان کاروبارێکی وا کە شەرەف بریندار بکات یان هانی ئەنجام دانی تاوان یان کاری بەدڕەوشتی یان بڵاوکردنەوەی زانیاری پەیویست بە نهێنی ژیانی تایبەت یان خێزانی بۆ تاکەکان بڵاوبکاتەوە کە بەهەر ڕێگایەك بێت چنگی کەوتن هەتا ئەگەر ڕاستیش بن. ئەگەر بە هۆی بڵاوکردنەوەیان و دابەشکردنیان سوکایەتی یان زیانیان پێ بگەیەنێ، ئەوا بۆ ماوەیەك بەند دەکرێت (حبس) کە لە (٦) مانگ کەمتر نەبێت و لە (٥) ساڵیش زیاتر نەبێت وە بە غەرامەیەکیش سزا دەدرێت کە لە یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت یان بە یەکێك لەو دوو سزایە سزادەدرێت)[2]. بە وورد بوونەوە لەم ماددەیە و ماددەکانی تری یاساکە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ناوەڕۆکی ئەم یاسایە ئەگەرچی هەنگاوێکی زۆر باشە، بەڵام لە ئاستی بەرەنگاربوونەوەی زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا نییە بۆ پاراستنی خێزان. چونکە تەنها لە ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا سزای بەندکردن یان پێبژاردن دیاری کراوە بۆ هەر کەسێك کە ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە نێویشیاندا ئەنتەرنێت و پۆستی ئەلکترۆنی بەکاربهێنێت بۆ بڵاوکردنەوەی شتێك کە لەگەڵ ڕەوشتی گشتیدا نەگونجێت یان زانیاری پەیوەست بە ژیانی تایبەت یان خێزانی تاکەکان بڵاوبکاتەوە بە بێ ئەوەی ڕێکاری خۆپارێزی یاخود ڕێگری لە ڕوودانی تاوانەکان دیاری بکات و لە ئاستی زیانەکان کەم بکاتەوە. بۆیە ئەم یاسایە پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە.

---

[1] یاسای داواکاری گشتی ژمارە (١٥٩) ساڵی (١٩٧٩) هەموارکراوە.

[2] ماددەی دووەم لە (یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن )ی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٨).

به ووردبوونەوە لە یاساکانی هەرێمی کوردستان کە بەشێکیان ئەو یاسایانەن کە فیدڕالین و لە هەرێمی کوردستانیش بەرکارن، دەبینین لەگەڵ ئەوەی یاسادانەری کوردستانی زیاتر گرینگی بە بابەتی پاراستنی خێزان داوە بە گشتی و بە تایبەت لە زیانەکانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن بە یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن. بەڵام ئاستی گرینگی پێدانی یاسادانەر بۆ پاراستنی خێزان لە زیانە بێ شومارەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی گەورەیی زیانەکاندا نییە و توانای کەمکردنەوەی ئەو زیانانەیان نییە کە خودی تاکەکانی خێزان جا چ هاوسەران یان منداڵەکان بە خۆیان دەگەیەنێن لە ئەنجامی خەراپ بەکارهێنان یان نەزانین لە بەکارهێنان یان ئالودەبوون پێیانەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ڕێکاری خۆپارێزی یاخود ڕێکاری ڕێگری لە زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و یاساکان تەنها ڕێکاری چارەسەری دوای ڕوودانی زیانەکانی تێدایە.

هەر لەم چوارچێوەیەدا پێشنیار دەکەین یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٨) هەمواربکرێتەوە و ئەم ماددەیەی بۆ زیادبکرێت: (دەبێت کۆمپانیاکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لقی خۆیان لە هەرێمی کوردستان بکەنەوە و پێویستە ڕەچاوی بەها کۆمەڵایەتی و ئایینیەکان بکەن و هاوکاربن لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بۆ پاراستنی بەهاکان و دەستنیشانکردنی سەرپێچیکاران)

# کــۆتـــایـــی

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا دوای خستنەڕووی گشت بابەتە پێویستەکان، گەیشتین بە کۆمەڵێك دەرەنجام و پێشنیار کە لە خوارەوە دەیانخەینەڕوو:

## یەکەم / دەرەنجام

دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

1. یاسای نێودەوڵەتی و یاسا نێوخۆییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، خێزان بە بناغە و بنچینەی کۆمەڵگە دادەنێن و جەخت لە پاراستنی خێزان و ئەندامانی خێزان دەکەنەوە و ئەرکی پاراستنی خێزانیان خستۆتە سەر دەوڵەت.
2. کاریگەرییە نەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆرن لەسەر خێزان بە تایبەت یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی جیابوونەوەی هاوسەران، ناپاکی، گۆڕانی بەها ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان، توندوتیژی خێزانی و تێکچوونی شیرازەی خێزان.
3. سەرەڕای ڕوونی و ئاشکرایی زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ خێزان، گرینگی پێدانی یاسای نێودەوڵەتی بۆ ڕێکخستنی یاسایی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستێکی لاوازدایە و پێویستی بە گرینگی پێدانی زیاتر هەیە.
4. ئەگەرچی یاسا نێوخۆییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان گرینگیان بە بابەتی ئەو تاوانانە داوە کە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەنجام دەدرێ و دژی ڕەوشت و ئادابی گشتین. بەڵام بۆ کەمکردنەوەی زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ سەر خێزان ئەم گرینگی پێدانە نەبۆتە هۆی کەمبوونەوەی زیانەکانی بۆ خێزان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ڕێکارە خۆپارێزیەکان یاخود ڕێکارەکانی ڕێگریکردن لە ڕوودانی ئەم زیانانە.
5. لە عێراق هیچ یاسایەکی تایبەتمەند بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی نییە و تەنها پڕۆژە یاسایەك هەیە و هێشتا پەسەند نەکراوە. بەڵام بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی هەیە کە سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە و یەکێك لە ئەرکەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی ئەلکترۆنییە. ( بچیتە پیشنیارەکان )
6. لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە پێی یاسای داواکاری گشتی، لە کاتی بوونی هەر دەست درێژیەك بۆ سەر خێزان و ئەندامەکانی خێزان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، داواکاری گشتی دەتوانێت ڕۆڵبگێڕێ و داوا بجولێنێ.

## دووەم / پێشنیار

لە ئەنجامی توێژینەوەکەماندا گەیشتین بە کۆمەڵێك پێشنیار بۆ کەمکردنەوە و ڕێگریکردن لە زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ خێزان کە بریتین لەمانەی خوارەوە :

1. پێویستە ڕێککەوتننامەیەکی جیهانی یان هەرێمی لەبارەی ڕێکخستنی کاری کۆمپانیاکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ببەسترێت لە پێناو پاراستنی کیانی خێزان و بەها باڵاکانی خێزان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئایینیەوە.
2. سەرەڕای بوونی هۆبەی تایبەت بە هوشیاری لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی، بەڵام پێشنیار دەکەین یاسای بەرەنگاربوونەوی توندوتیژی خێزانی هەموار بکرێتەوە و ئەم هۆبانە بەرفراوان بکرێن و تایبەتمەند بکرێن بە هوشیارکردنەوە و ڕۆشەنبیرکردنی دایکان و باوکان لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو مەترسیانەی کە هەیەتی بۆ سەر خودی خۆیان و تاکەکانی خێزان. چونکە تەنها توندوتیژی

خێزانی تاکە هەڕەشە نییە لەسەر خێزان بەڵکو چەندین هۆکاری تر هەن کە لە پشت ڕوودانی توندوتیژی خێزانین، یەکێك لەوانەش تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

3. پێشنیاردەکەین یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٨) هەمواربکرێتەوە و ئەم ماددەیەی بۆ زیادبکرێت: ( دەبێت کۆمپانیاکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لقی خۆیان لە هەرێمی کوردستان بکەنەوە و پێویستە ڕەچاوی بەها کۆمەڵایەتی و ئایینیەکان بکەن و هاوکاربن لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بۆ پاراستنی بەهاکان و دەستنیشانکردنی سەرپێچیکاران).

4. پێشنیار دەکەین یاسایەکی تایبەت بە ڕێکخستنی کاری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەربچێت بۆ ئەوەی باشتر و ووردتر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ناوەرۆکەکەی ڕێکبخرێ و زیانەکانی ئەم تۆڕانە لەسەر خێزان کەم ببێتەوە.

5. پێشنیار دەکەین ڕۆڵی کارا بدرێتە وەزارەتی پەروەردە و بە یاسا ئەرك بخرێتە سەر ئەم وەزارەتە بۆ هۆشیاری و ڕۆشەنبیرکردنی قوتابیان لەسەر بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و شێوازی ڕاست و دروستی بەکارهێنانیان و زیانەکانی ئەم تۆڕانە لەسەر ژیانیان و داهاتوویان، چونکە هەرزەکاران بەشێکی سەرەکی لە زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان بەردەکەوێت.

6. پێویستە ڕۆڵی وەزارەتی خوێندنی باڵا لەم بوارەدا لە یاد نەکرێت و زانکۆکان لە ڕێگەی مامۆستاکان بە تایبەت مامۆستایانی پسپۆری بواری ئای تی و پسپۆرانی بواری کۆمەڵایەتی و دەروونزانی و یاسایی زیاتر مەترسییەکانی ئەم تۆڕانە ڕوون بکەنەوە بۆ قوتابیان و ڕێگەکانی بەکارهێنانێکی سوودبەخشی ئەم تۆڕانە بخرێتەڕوو. هەروەها بەشێکی ئەرکی مامۆستایان لە چوارچێوەی خاڵەکانی دڵنیایی جۆری لە دەرەوی زانکۆ و لەنێو کۆمەڵگەدا ئەنجام بدرێن ئەمەش لە ڕێگەی پابەندکردنی مامۆستایانی ئەم وەزارەتە بە ئەنجامدانی ئەم چالاکیانە لە چوارچێوەی خاڵەکانی دڵنیایی جۆری.

7. پێویستە حکومەتی فیدراڵی بە هەماهەنگی لەگەڵ هەرێمی کوردستان کار بکات بۆ کۆت و بەند خستنەسەر کۆمپانیاکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ کەم کردنەوە و ڕێگری کردن لە زیانەکانی ئەم تۆڕانە. ئەمەش لە ڕێگەی پێکهێنانی لێژنەیەکی هاوبەش و تایبەتمەند بە ئەندامیەتی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی داد و هەروەها کۆمپانیاکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پابەند بکرێن بە کردنەوەی بنکەیەکی فەرمی لە عێراق و هەرێمی کوردستان.

8. لە سۆنگەی گرینگی پێدان و پاراستنی خێزان لە لایەن تەواوی ئایینەکانەوە، پێشنیار دەکەین وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە ڕێگەی مامۆستایانی ئایینی ئەرکی هاوسەران بەرامبەر یەکتری و ئەرکی دایك و باوك بەرامبەر منداڵەکانیان زیاتر بۆ هاووڵاتیان ڕوون بکەنەوە و مەترسیەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕوون بکەنەوە لەسەر شیرازەی خێزان و لەڕووی ئاینیەوە ڕوونی بکەنەوە کە ئەرکەکانتان بەرامبەر بە یەکتری گرینگترە لە کاتبەسەربردن بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: قورئانی پیرۆز

### دووەم: فەرەەنگی کوردی

1. شێخ محمدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.
2. عبدالرحمن شرفكندی، هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی ـ فارسی/ هەژار، چاپی یەکەم، تهران، ١٣٦٩، هەتاوی.

### سێیەم: کتێب

1. نظام الدین عبدالحمید، تەفسیری گوڵشەن، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئسوە، (بێ شوێن)، ٢٠٠٤.
2. محمد صالح پێندرۆیی، رۆڵی خێزان و قوتابخانە لە ڕیشەکێشکردنی توندوتیژیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٢.

### چوارەم: توێژینەوە و گۆڤارەکان

1. احمد رعد محمد، تدابیر الوقایة من الابتزاز في منصات التواصل الاجتماعي، مجلة كلیة القانون للعلوم القانونیة والسیاسیة، جامعة كركوك، المجلد (١١)، العدد (٤٣)، ٢٠٢٢.
2. د. تغريد ادريب حبيب، دور الاسرة العراقية في تنمية بعض القيم الاجتماعية الايجابية ( الحماية من افة المخدرات انموذجا ) من وجهة نظر اعضاء الهيئة التدريسية، مجلة آداب المستنصرية، جامعة المستنصرية، المجلد (٤٨)، العدد (١٠٥)، آذار/ ٢٠٢٤.
3. د. تهاني أنور اسماعیل السریح و منتظر عبدالله مغامس، دور مواقع التواصل الإجتماعي في ظاهرة الطلاق، مجلة واسط، مجلة كلية التربية، جامعة واسط، العدد (٤٤)، الجزء الأول، آب/٢٠٢١.
4. د. رنا علي حمید السعدي، الضمانات القانونیة لحمایة حقوق الطفل في العراق، مجلة كلیة التراث الجامعة: مجلة علمية محكمة، المجلد (١)، العدد(٣٠)، ٢٠٢٠.
5. د. سناء خضیر محمد منسلسل، أسباب وآثار انتشار الطلاق في المجتمع العراقي، مجلة كلیة الیرموك، المجلد (٢٠)، العدد (٧)، الجزء (١)، آب/ ٢٠٢٣.
6. شريفة محمد السويدي و د. زيزيت مصطفى نوفل، دور الأسرة في تدعيم الأمن السيبراني لمواجهة الابتزاز الإكتروني (دراسة كيفية)، مجلة الآداب، جامعة بغداد، المجلد (١)، العدد (١٤٧)، كانون الأول (٢٠٢٣).
7. د. طارق خلف فهد العیساوي، استخذام منصات التواصل الاجتماعي في نشر الأفكار المتطرفة (داعش انمورجا)، مجلة الدراسات المستدامة: مجلة فصلية علمية محكمة، السنة الرابعة، المجلد (٤)، العدد (١)، ٢٠٢٢.
8. عمر عثمان ابراهیم الجادرجي و د. یونس مؤید یونس الدباغ، الاعلام الرقمي وتأثیره في الأمن المجتمعي: منصات التواصل الاجتماعي أنموذجا، المجلة العراقیة للعلوم السیاسیة، الجمعیة العراقیة للعلوم السیاسیة، السنة الخامسة، العدد (١١)، حزیران ٢٠٢٤.

9. د. فرات علوان حويز النعيمي، إدمان المراهقيه على وسائل التواصل الاجتماعي (الإيجابيات والسلبيات)، مجلة نسق: مجلة علمية محكمة متخصصة تصدر عن الجمعية العراقية للدراسات التربوية والنفسية، العدد (٢٩)، آذار ٢٠٢١.
10. د. ماهر فرحان مرعب، دور وسائل الاتصال في تغير قيم الأسرة الحضرية، مجلة الباحث الإعلامي، جامعة بغداد، المجلد (٧)، العدد (٢٩)، ٢٠١٥.
11. محمد جغام، صوفيا شراد، الحماية القانونية للأسرة: المفهوم والتجليات، مجلة الدراسات والبحوث القانونية، المجلد (٧)، العدد (١) ، ٢٠٢٢.
12. د. محمود تركي فارس اللهيبي و د. طارق خلف فهد العيساوي، دور منصات مواقع التواصل الاجتماعي في صناعة الإرهاب والتطرف، مجلة الدراسات التاريخية والحضارية: مجلة علمية محكمة، جامعة تكريت، المجلد (١٢)، العدد (٤٤/١)، ٢٠٢٠.
13. د. ندوى محمد محمد شريف، د. رشا خليل عبد، د. آريان عبد الوهاب قادر، الإدمان على مواقع التواصل الاجتماعي الإلكتروني وطبيعة العلاقات الأسرية، مجلة العلوم النفسية: مجلة علمية محكمة معتمدة تصدر عن مركز البحوث النفسية، المجلد (٣٤)، العدد (٢)، الجزء (٣)، آذار ٢٠٢٣.
14. هبه عبد المحسن عبدالكريم، الخيانة الزوجية و انعكاساتها على الأسرة والمجتمع، مجلة دراسات اجتماعية، مجلة نصف سنوية محكمة تصدر عن قسم الدراسات الاجتماعية في بيت الحكمة – بغداد، العدد (٤٩)، حزيران٢٠٢٣.

## پێنجەم: دەستورەکان

1. دەستوری کاتی عێراقی ساڵی (١٩٦٤)ی هەڵوەشاوە.
2. دەستوری کاتی ساڵی (١٩٦٨)ی هەڵوەشاوە.
3. دەستوری کاتی ساڵی (١٩٧٠)ی هەڵوەشاوە.
4. دەستوری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵی ساڵی (٢٠٠٥).

## شەشەم: یاساکان

1. یاسای داواکاری گشتی ژمارە (١٥٩) ساڵی (١٩٧٩) هەموارکراوە.
2. یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٨).
3. یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توند و تیژی لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١)
4. یاسای داواکاری گشتی فیدراڵی ژمارە (٤٩)ی ساڵی (٢٠١٧).

## حەفتەم: بڕیاری دادگاکان و بەیان و بڕیارەکان

1. بيان مجلس القضاء الأعلى، رقم (٩) لسنة (٢٠٢١).
2. نووسراوی ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراق ژمارە (٢٠٤/مكتب/٢٠٢٣) بەرواری (٢٠٢٣/٢/٨).
3. قرار محكمة الاتحادية (٣٢٥ وموحدتها ٣٣١/ اتحادية /٢٠٢٣) في (٢٠٢٤/٣/١٣).

## هەشتەم: ڕێککەوتننامەکان و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان

1. جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤی ساڵی (١٩٤٨).
2. پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە شارستانی و سیاسیەکانی ساڵی (١٩٦٦).
3. پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوریەکانی ساڵی (١٩٦٦).
4. ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵانی ساڵی (١٩٨٩).
5. جاڕنامەی قاهیرە بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ئیسلامدا ساڵی (١٩٩٠)

## نۆیەم: سەچاوە ئەلکترۆنییەکان

1. ماڵپەڕی ئاژانسی هەواڵی عێراقی (INA) ؛ هەواڵێك بە ناوونیشانی ؛ ( تتصدرها وسائل التواصل الاجتماعي ..... محكمة الرصافة تحدد أسباب تزايد حالات الطلاق ) ڕێکەوتی بڵاوبوونەوە (٢٠٢٤/٧/٨)، لینکی ماڵپەڕ؛ ( https://www.ina.iq/212192--.html ) دوایین سەردان (٢٠٢٤/٧/١٥).
2. مـديرية حماية الأسرة والطفـل مـن العنف الأسـري، سایتی فەرمی (https://moi.gov.iq/?page=52 )، دوایین سەردان (٢٠٢٤/٧/٢٠).
3. ڕاپۆرتی بڵاوکراوە بە ناوونیشانی : القانون الدولي وتنظيم مواقع التواصل الاجتماعي، ماڵپەڕی فەرمی : مركز القرار للدراسات الإعلامية، ( https://alqarar.sa/2813 )، دوایین سەردان (٢٠٢٤/٧/٢٩).
4. نظرة قانونية لحالات العنف الاسري في العراق، الدكتور حيدر عبد الرضا الظالمي، سایتی فەرمی زانکۆی کەربەلا، ( https://business.uokerbala.edu.iq/wp/archives/17457 ) دوایین سەردان ( ٢٠٢٤/٧/٢٣ )
5. ماڵپەڕی فەرمی وەزارەتی ناوخۆی عێراق، ( https://moi.gov.iq/?page=52 )، دوایین سەردان (٢٠٢٤/٧/٢٨)
6. پێگەی فەرمی ناوەندی میدیای دیجیتالی (DMC)، ڕێکخراوێکی ناحکومیە بە فەرمی کاردەکات بۆ ڕوماڵکردنی هەواڵەکانی تایبەت بە دونیای دیجیتالی، ( https://dmc-iq.com/2024/02/24/%d9%85%d8%b1%d9%83%d8%b2-%d8%a7%d9%84%d8%a5%d8%b9%d9%84%d8%a7%d9%85-%d8%a7%d9%84%d8%b1%d9%82%d9%85%d9%8a-32-%d9%85%d9%84%d9%8a%d9%88%d9%86-/%d9%85%d8%b3%d8%aa%d8%ae%d8%af%d9%85-%d9%84%d9%85%d9%88 )، دوایین سەردان (٢٠٢٤/٨/١).
7. ماڵپەڕی سەرەکی ڕێکخراوی یونسکۆ، ( https://www.unesco.org/ar/internet-trust ) دوایین سەردان (٢٠٢٥/٥/١٩).